

سیروان رەحیم

بۆ مەرگی سەلاح داودە

# ئامۆزا گیان ئیتر ئاوایی خالّییە
# نەحەرفی مەکتەبێکت خوێند، نە ئوستادێ پەلی گرتی

"گۆران"




منداڵ بووم کە جاری یەکەم سەلاح داودەم لە نزیکەوە بینی. بێگومان پێشتر ناوی سەلاح داودە و دەنگیم بیستبوو، بەلام ئەوە یەکەم جار بوو کە خۆی لە نزیکەوە دەبینم. نەوەی ئێمە وەکو نەوەکانی پاش خۆمان نەبووین کە دەنگی پڕ سۆزی وەک ئەو دەنگە بەسەرماندا تێبپەڕێت و هۆگری نەبین. دەبێ ئەو کاتە تەمەنم دە ساڵان بووبێت کە ماڵە - هاوسێیەکمان زەماوەندێکی چەند رۆژەیان ساز کرد و هونەرمەندیەل گەلێری داودەیش بانگهێشت کرابوون تاکو ئاهەنگەکە بەڕێوە ببەن.

**دەنگی سەلاح داودە لەو دەنگە پڕ سۆز و پڕ وزانە بوو کە ماندووبوون روویان تێ ناکات و دەنگنووسان ناناسن**

منداڵ بووم کە جاری یەکەم سەلاح داودەم لە نزیکەوە بینی. بێگومان پێشتر ناوی سەلاح داودە و دەنگیم بیستبوو، بەلاّم ئەوە یەکەم جار بوو کە خۆی لە نزیکەوە دەبینم. نەوەی ئێمە وەکو نەوەکانی پاش خۆمان نەبووین کە دەنگی پڕ سۆزی وەک ئەو دەنگە بەسەرماندا تێبپەڕێت و هۆگری نەبین. دەبێ ئەو کاتە تەمەنم دە ساڵان بووبێت کە ماڵە – هاوسێیەکمان زەماوەندێکی چەند ڕۆژەیان ساز کرد و هونەرمەندیەل گەلێری داودەیش بانگهێشت کرابوون تاکو ئاهەنگەکە بەڕێوە ببەن.

ئەو ڕۆژانە حەز و چێژی ئێمە توانای هەڵسەنگاندنیان نەبوو، بەلاّم ساڵانێک دواتر کە فێربووم چۆن گوێ لە گۆرانی و موزیک بگرم، ساڵانێک پاشتر کە بە گۆرانی و مقامگەلی گەرمیان ئاشنا و شەیدا بووم بۆم دەرکەوت سەلاح داودە چ بەهرەیەکە. بەهرەیەکی خۆڕسک، بەلاّم چەند گەورە. من منداڵ بووم کە سەلاح داودەم لەو زەماوەندەی ماڵی مام فەتاحی دراوسێمان بینی کە چ جۆش و خرۆشێکی سازاندبوو. ساڵانێکی درەنگ دوای ئەو زەماوەندە بووم بە بەرنامەوان لە تەلەفزیۆنی مەد و میدیا لە برۆکسل و بۆ ماوەی هەشت ساڵان لەوێ کارم دەکرد. لە ماوەی کارکردنمدا لە برۆکسل چەندین گۆرانیبێژی کوردم لە نزیکەوە ناسی، ئەو گۆرانیبێژانەم دەبینی لە کاتی پرۆڤەکردن و ڕاهێناندا چۆن دەنگیان دەنووسا و گرفتی گەورەیان تووش دەبوو، هەر دەمێک ئەو "دەنگنووسان"ەی گۆانیبێژانم دەبینی، بێ زێدەڕۆیی سەلاح داودە و ڕۆژانی ئەو زەماوەندەی چەمچەماڵم بیر دەکەوتنەوە. ڕۆژانێک کە لەسەر یەک، "سوبح و ئێوارە" ئەو سەلاح داودەیە بە ئاوازی بەسۆز و بە دەنگی دڵکێشی خۆی بەردەوام گۆرانی دەگوت و بەردەوامیش دەنگی خۆشتر و دڵکێشتر دەبوو. دەنگی سەلاح داودە لەو دەنگە پڕ سۆز و پڕ وزانە بوو کە ماندووبوون روویان تێ ناکات و دەنگنووسان ناناسن. دیارە ئەو کاتەی من لەو زەماوەندەدا بینیم هێشتا ئەو پیاوێکی بە کار بوو، بە درێژاییی چەندین سەعات دەهۆڵەکەی لە شان دانەدەگرت و دەهۆڵ ئەنگێوێک بوو فرە دەست رەنگین. دەهۆڵ یەکێکە لەو ئامێرانەی کە ریتم دروست دەکەن و ریتمی ئۆرکێسترا دەپارێزن، بە داخەوە لە ناو ئێمەدا یەکێکە لەو کارانەی کە "عەیبە".




سـەلاح داودە بەهرەیـەكی خـۆڕسكی یەكـجـار گـەورە بوو، بـەلام چ دەكــەی ئاســتی خوێندەواری و رۆشنبیری خۆی و دەست نەگرتن و بەهەند نەگرتنی هونەرمەندان لە لایەن "قەومە بەسیتەكەیەوە" وایان كرد بەژنی ئەم بەهرەیە بەو جۆرە بالا نەكات كە پێویست بوو بیكات.

ئەو دەنگ و نەوایە، ئەو سۆزە گەرم و پڕ حەسرەتە و ئەو بەهرە خۆزایە لە هەر كۆشێكی تر و لە هەر گـۆشــەیەكی تردا بووبا بە جـۆرێكی شــایســتــە پـەروەردە دەكـرا و بە جــۆرە ئاقــارێكی تردا دەچوو كــە شــایانی گــەورەییــیــەكــەی بێت. ئەو نـەوا نایابە لـە هـەر سـەرزەمـینێكی تر بووبا بە جـۆرێک هەڵدەكشـا و بـالای دەكرد بۆ هەمـیشـە لە سـایەیدا دەنگی دڵكێش سەرقاڵی چڕینی ئەلاوەیسی و مەقامگەلی گەرمیان بن.

***

پاشتر كە سەلاح داودە لـە تەلەفزیۆنی كەركوک مەقامی ئەلاوەیسی و بەستەی "ئامینێ نازەنینێ"ی تۆمار كرد، رەنگبێ نـاهـەقی نەبێت بەرانبەر بە كەسانی تر، ئەگەر بڵێین پاش عەلی مەردانی گەورە ئەو یـەكــەم كــەس بووبێت بـەو شـێــوەیە گــیــان وەبەر ئەلاوەیسـیدا بكات. بەردەوام كە ئەو مـەقـام و بەسـتـەیە بڵاو دەكرایەوە بێدەنگییـەک مـاڵەكان و دانیشـتنەكانی دادەپۆشـی. كێ هـەیە گـوهداری مــەقــامی ئەلاوەیسی و بەستەی "ئامینێ نازەنینێ"ی سەلاح داودەی كردبێت، بە درێژاییـی كـاتەكـە و لە دڵەوە نـەیگوتبـێت: "بـەه بەه لەو دەنگە دڵكێش و پڕ سۆزە".



***

كانییەكەی بەرمــاڵ زیخ دانە دانە، ئامــۆزا گیان
یارم دانیشتووە و زوڵف دەكا شانە، ئامۆزا گیان

كە ساڵی "٢٠٠٦"یش لە پاریس تەلەفزیۆنی "تیشک"مان دامـەزراند، بە هاوكاری هاوڕێی هێژام "حـامیدی دروودی" كلیپێكی سادە و جوان بۆ گۆرانی ئامۆزا گیان ئامادە كرا، بوو بە یەكێک لەو كلیپانەی بەردەوام لەو تەلەفزیۆنە بڵاومان دەكردەوە.


جێگەی خـۆیەتی بڵێم زۆر بڵاوكردنەوەی ئەو كلیپـە بە پێچـەوانەی هەمـوو ئەو كلیپـانەی ترەوە كـە لەلامـان هـەبوون، هـیچ كـاتێک و لەلای هـیچ كـەسـێكەوە نەبوو بە مـایەی رەخنە و گللەیی، بەڵكو بە پێچەوانەوە هەر كەسێک گوێی لێ دەبوو ستایشی بڵاوكردنەوەی گۆرانی

سەلاح داودەی دەکرد. شتێک لێرەدا شایستەی باسە کە بڵێم جارێکیان لە شاری کۆڵن و لە ماڵەکەی خۆم کاسێتێکی کۆنی سەلاح داودەم خستە سەر و بە حەزێکی زۆرەوە گوێم لێ دەگرت. هونەرمەندی هێژا ناسری رەزازی میوانم بوو، کاک ناسر گوتی:

بە لامەوە سەیر نییە ئەوەندە حەز لە دەنگی سەلاح داودە بکەیت، چونکە یەکێکە لەو دەنگانەی کە گۆرانی لە "دڵەوە بۆ دڵ" دەڵێت. هەروەها کاک ناسر زۆر باسی لەوە کرد کە ئەو کاسێتەی سەلاح داودە لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا لە شارەکانی کوردستانی رۆژهەلات چەند خۆشەویست بووە و بە چ شێوەیەکی فراوان گوێی لێ گیراوە و حەزی لێ کراوە.

***

ئامۆزا گیان، لە مەرگی تۆدا دەبێ چ بێژین جگە لە هەستکردن بە هەناسەسەردی و جگە لە رەنجبێوەرییەک کە تا ئێستا چارەنووسی زۆربەی هونەرمەندان و ئەهلی قەڵەمە لای ئێمە. ئامۆزا گیان بخەفە، لە خاکێکدا بۆ هەمیشە بخەفە کە تا ئێستایش ناڕەوایی تێدا دەکرێت، ناڕەوایی لە نەوا نایابەکان و لە هونەر و لە خەڵک و لە هەموو شتێک. ئامۆزا گیان، ئارام بگرە لە شارێکدا کە تا ئێستایش ناهێڵن هەناسەی ئارامی بدات و تا ئێستایش غەدر تان و پۆی ژیان و بوونی پڕ کردە لە خەمان.



ئامۆزا گیان، بۆ هەمیشە لە باوەشی خاکی شارەکەتدا لێی راکشێ، شارێک کە دەنگی تۆیشی وەکو دەنگی مەردان ئاوێتەی کڵپەی باوەگوڕگوڕی خۆی کردووە.

ئامۆزا گیان گەرەکمە پێت بێژم: پاش دەنگی مامۆستا عەلی مەردانی گەورە، پاش دەنگی هابە، پاش دەنگی حوسێن عەلی و پاش دەنگی تۆ، ئیتر کۆتاییی سەردەمێکە لە نەوای رەسەن و لە دەنگگەلی گەورە و دڵکێش.

ئامۆزا گیان:

پاش ئێوە ئیتر ئاوایی خاڵییە لە دەنگی رەسەنی شایان بە مقامیەلی گەرمیان.

پاش ئێوە دەنگێکی رەسەن هەس بتوانێت ئەلاوەیسی بچڕێت؟

ئەلاوەیسی، ئەو هونەرەی لە نەوا و لەرە و سۆزێکەوە سەرچاوە دەگرێت دەروون دادەگیرسێنێت و هاوکات رامان و ئاسوودەییمان پێ دەبەخشێت.